# بۆ گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای هەندێ لە وەزارەتەكان، پەرلەمانی كوردستان كۆبۆوە

رێكەوتی ٨/ ١/ ٢٠٠٧ پەرلەمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی كەمال كەركوكی جێگری سەرۆكی پەرلەمان كۆبۆوە. سەرەتای دانیشتنەكە جێگری سەرۆكی پەرلەمان داوای لە لیژنە یاساییەكانی پەرلەمان كرد دەقی ئەو پرۆژە یاسایانە بخوێننەوە كە لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵو كاروباری كۆمەلایەتیو شارەوانی ئامادەكرابوون، لەگەڵ پرۆژەی كاراكردنی یاسای دیوانی چاودێری داراییو پرۆژەی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان. دوای خوێندنەوەش لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە پرۆژە یاسایەكان درانە لیژنە تایبەتییەكانو سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان، تا راپۆرتی خۆیان لەسەر هەر پێنج پرۆژەكە بنووسنو بیدەنەوە دەست پەرلەمان.

# راگەیەنراوێك لەسەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانەوە

بەپێی یاسای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨و هەمواركردنی یەكەمی، دەبوایە سەندیكا كۆنگرەی گشتی دووەمی لەم مانگەدا (كانوونی یەكەم/٢٠٠٦) ببەستایە، بەلام هەندێ هۆكاری بنەرەتی وای لە ئەنجومەنی سەندیكا كرد، كە كۆنگرەكە بۆ هاوینی/ ٢٠٠٧ دوابخات.

یەكەم: ئەنجومەنی سەندیكا ماوەی زیاتر لە ساڵێكە سەرقاڵی ئامادەكردنی پرۆژەی یاسای كاری رۆژنامەنووسییە لە كوردستان، كە تێیدا چەندین سیمینارو كۆڕو كۆبوونەوەی لە هەموو لقەكانی سەندیكا بۆ سازكرد، دواتریش بە گەلالەكراوی لە (١٧/ ١٠/ ٢٠٠٦) پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستانی كردووە، دیارە ئەم كارەش پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، لەبەر گرنگی پرۆژەكەو ئەم ئەركەش لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئێستای سەندیكا دایە.

دووەم: لەبەر رۆشنایی خاڵی سەرەوە نەدەكرا لەو ماوەی پێشوودا كۆنفرانسی تایبەتی بۆ لقەكانی سەندیكا ببەسترێ، بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەرانی رۆژنامەنووسان بۆ كۆنگرە.

ئاشكراشە ئەندامانی سەندیكا لە سەرتاسەری كوردستاندا بە هەردوو لقی موسڵو بەغداشەوە دەگاتە (٣٠٠٠) سێ هەزار ئەندام، كە ئەمەشیان ماوەی پێویستو كاری جددی دەوێ، بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسان بەشێوەیەكی دیموكراسی نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، كەنەدەكرا هەردوو ئەركەكە لە یەك ماوەدا ئەنجام بدرێت.

سێیەم: سەرەڕای ماوەو كاتی پێویست بەمەبەستی ئامادەباشی بۆ كۆنگرەیەكی سەركەوتوو، كە چەند مانگێكی دەوێ، دیارە لە هەمان كاتدا بەستنی كۆنگرە پێویستی بە بودجەیەكی گونجاو هەیە، كە تاكو ئێستاكە نەتوانراوە دابین بكرێت.

چوارەم: سەرەڕای ئەو خاڵانەی باسیان لێوەكرا، ئەنجومەنی سەندیكا لە ماوەی ساڵی رابردوودا، كاركردنی بوو بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئەندامیەتی كارای لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) كە ئەمەشیان وایكرد ئەنجومەنی سەندیكا چالاكانە بەشداری لە كۆڕو كۆبوونەوەكانی دەرەوەی وڵات بكات، بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگا چارەی بنەڕەتی بۆ كێشەو قەیرانەكانی رۆژنامەنووسانی عێراق، كە رووبەڕووی تیرۆرو تۆقاندنو هەڕەشە بوونەتەوە، كە تێیدا رۆڵی سەندیكا بەوپەڕی باشییەوە هەڵسەنگێندرا.

ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە كۆبوونەوەی خۆی كە لە (٢٧/ ١٢/ ٢٠٠٦) لە سلێمانی بەسترا لەبەر رۆشنایی خاڵەكانی سەرەوە بڕیاری دواخستنی كۆنگرەیدا بۆ هاوینی ساڵی تازە، پاشانیش سەرجەم رۆژنامەنووسانی كوردستان لە رێگای لقەكانی سەندیكا لە وردەكارییەكان ئاگادار دەكرێنەوە.

**ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**سلێمانی**
**٢٧/ ١٢/ ٢٠٠٦**

# ئەحمەد عارف: هۆكارەكانی نەگەیشتنی نەوت زۆرن

ئەحمەد عارف لێپرسراوی ڕاگەیاندنی پرۆژەكانی نەوت لە سلێمانی بە (ئازادی) ڕاگەیاند كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەوڵەكانی بەردەوامە بۆ هێنانی سوتەمەنی بۆ كوردستان، بەلاّم هۆكارەكانی نەگەیشتنیان زۆرن و لە دەرەوەی دەسەلاّتی حكومەتدان ، ئاماژەشی بەوە كرد كە هێشتا لە پۆستی یەكەمی دابەشكردنی نەوتی سپی بەسەر هاولاّتیاندا بنكەی (٩)ی شاری سلێمانی نەوتیان پێنەگەیشتووە و چاوەڕێدەكەین كە لەگەڵ گەیشتنی سوتەمەنیدا بەسەریاندا دابەشی بكەین . هاوكات چەند ڕۆژێكە وەفدێكی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەردانی ئێرانیان كردووە بۆ بەدواداچوونی نەهاتنی ئەو بڕە سوتەمەنییە بۆ كوردستان كە مانگی ڕابردوو بە پێی گرێبەستێك لەگەڵ پارێزگایەكی ئێراندا مۆریان كردبوو .



# درێژەی. . .
# دانیشتنەكانی دادگا لەسەر دۆسێی ئەنفال دەستی پێكردەوە

دواتر داواكاری گشتی (مقذ الفرعون الفتلاوی) هەندێ بەڵگەنامەی نوێو فیلمی خستەڕوو كە تیایاندا تاوانبار (عەلی كیمیاوی)و (طاهر توفیق العاني) كە لە كاتی هەڵمەتی بەدناوی ئەنفالدا پارێزگاری موسڵ بووەو (صابر عبدالعزیز الدوری) كە ئەوكات بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی بووە، تاوانبار دەكات بەوەی كە رۆڵی ئەكتیڤیان هەبووە لە ئەنفالدا.

لە یەكێك لەو بەڵگەنامانەی كەوا ئەلفرعون لەو دانیشتنەدا ئاشكرایان دەكات هاتووە كە عەلی كیمیاوی "سەری سێ بێتاوانی كوردی بەبێ لێكۆڵینەوە پەڕاندووە، چونكە لە بەڵگەنامەكەدا تۆمەتبار ئاماژەی بەوە داوە كە گوایە ئەو سوودی لەو زانیارییانە وەرنەگرتووە لە زەینیاندا هەبوون".

ئەمەو داواكاری گشتی داوای لە دادوەر "محمد العریبی" كردووە لەمیانی دانیشتنەكەدا كە رێگەی پێبدا ئەو فیلمە نیشانی ئامادەبووان بدرێ كە تیایدا "عەلی كیمیاوی" جلی سەربازی لەبەرەو دەڵێ: "من بە كیمیاوی لێیان دەدەمو هەموویان دەكوژم، رای گشتی نێودەوڵەتی كە داكۆكیان لێدەكات چی دەڵێ.."؟ دواتر ئەلفرعۆن فیلمێكی ڤیدیۆیی دەخاتە بەرچاوی دادوەرو دانیشتوانی هۆڵی دادگا كە بەسەرهاتی لێدانی هەندێ گوندی كوردستان بە چەكی كیمیایی لەلایەن (عەلی كیمیایی) ەوە نیشاندەدات كە كۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی سەربازی سێ گوللە تۆپی چەكی كیمیایی ئاراستەی ئەو گوندانە دەكەن دەرەنجام كۆمەڵێك هاوولاّتی یەك بە دوای یەكدا دەكەونو گیانیان لەدەست دەدەن، لێرەدا داواكاری گشتی (منقذ الفرعون) داوا لە سەرۆكی دادگا دەكات كە بە وردی بڕوانێتە فیلمەكەو دەپرسێ "ئایا ئەو ژنو منداڵانەی كە بەر كیمیایی دەكەون لەو فیلمەدا هیچ چەكو تفاقێكی جەنگیان پێیە؟ ئایا دادگا لە نێوان قوربانیاندا كەسێكی بینی كە چەكی هەڵگرتبێ یان جلوبەرگی پێشمەرگەی لەبەردابێ؟".

فەڵەستین:

# بارگرژی نێوان بزووتنەوەی حەماسو فەتح لە برەودایە

بزووتنەوەی فەتح لە بەیاننامەیەكدا حەماس تاوانبار دەكات، بە پەیڕەوكردنی پلان بۆ كوشتنی كەسایەتییە ناسراوەكانی فەتح، لە بەیاننمەكەدا روونیان كردۆتەوە كە بزووتنەوەی حەماس متمانەی لەسەر شەقامی فەلەستینی لاوازبووە، چونكە هەلۆیستەكانی بەرامبەر دیموكراتیەت گۆڕیوەو تەنها حزمەتی ئەو هێزو لایەنانە دەكات كە لەگەڵ خۆیدان، لە بەیانەكەدا فەتح داوا لە حەماس دەكات، دەست لەم سیاسەتی تاكڕەوییانە هەڵگرێتو چیدی ناڕاستەوخۆ خزمەتی دوژمنانی گەلی فەلەستینی نەكات.

جێگەی باسە لەوەتەی بارگرژیو پێكدادان كەوتۆتە نێوان بزووتنەوەی حەماسو فەتح، هێزەكانی ئیسرائیلی رۆژی ٩/ ١/ ٢٠٠٧ هەڵمەتێكی بەرفراوانیان لە ناوچەی غەززە دەست پێكردووە بۆ دەستگیركردنی ئەوانەی سەر بە (حزبوڵلاو فەتحو حەماس)ن.

لوبنان:

# بەرهەڵستكاران دژی حكومەت درێژە بە مان گرتن دەدەن

بەرهەڵستكارانی حكومەتی لوبنان رایانگەیاند: كە چالاكییەكانیان بەرفراوانتر دەكەن بە ئامانجی رووخاندنی حكومەتی لوبنان، بڕیاریشیانداوە مانگرتنو خۆپیشاندان بگوازنەوە بەردەم وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بەتایبەت وەزارەتی دارایی.

حكومەتیش حزبوڵلاو بەرهەڵستكارەكان بەوە تاوانبار دەكات كە دەیانەوێ كۆنگرەی پاریس هەڵوەشێننەوە كە تاكە ئومێدی هاوولاّتییانی لوبنانە كە ئەم وڵاتە بەرەو ئاشتیو چاكسازی ببات.

بەرهەڵستكارانی لوبنان بە سەرۆكایەتی حزبوڵلا بەتایبەتیش بزووتنەوەی سەندیكا كرێكارییەكان، بڕیاریانداوە لە بەردەم وەزارەتی دارایی مانبگرن دژی ئەو بەرنامە چاكسازییە ئابوورییەی حكومەت رایگەیاندووە، چونكە پێیان وایە ئەمە لەبەرژەوەندی زۆربەدا نییەو بەتایبەت چینی كرێكاران.

بەڵێنیشیانداوە بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ لە بەردەم وەزارەتو شوێنە خزمەتگوزاریو گشتییەكاندا دەست بە خۆپیشاندانو مانگرتنی درێژخایەن بكەن، تا حكومەت لە كاروباری رۆژانەدا ئیفلیج بكەنو گۆڕان بەسەر سیستمی سیاسی لوبناندا بهێنن.

# بەهۆی تەجاوزاتەوە لەلایەن زێرەڤانیەوە لە گوندی گردمحەمەد كرێكارێك دەكوژرێ

لە گوندی گردمحەمەد لە ئەنجامی پێكدادانێكی نێوان هێزێكی زێرەڤانو چەند كرێكارێك هاوولاّتییەك بەناوی (فوئاد ئیبراهیم) كە خاوەن حەوت منداڵە دەكوژرێ.

شەوی یەك شەممە ٧/ ١/ ٢٠٠٧ چەند كرێكارێك لە گوندی گرد محەمەد لەسەر زەوی بێ مۆڵەت زیدەڕۆیی دەكەنو خەریكی دروستكردنی خانوو دەبن، دوای گەیشتنی ئەم هەواڵە بە لیژنە تایبەتییەكانی نەهێشتنی تەجاوزات، چەند هێزێكی زێرەڤانی دەچنە شوێنی دیاریكراوو پێكدادان دروست دەبێت.

هاوولاّتییەكی نزیكی رووداوەكە بە رێگای كوردستانی راگەیاند، كە لەلایەن كرێكارەكانەوە تەقە نەكراوە، د.ئازاد حەوێزی بەرپرسی راگەیاندنی هێزی زێرەڤانی دووپاتی كردۆتەوە كە لەلایەن كرێكارەكانەوە تەقەكراوە، بەلاّم ئەم هاوولاّتییەی كوژراوە پەیوەندی بەم تەقەكردنەوە نەبووە.

شایانی باسە كرێكاری كوژراو تەمەن ٣٦ ساڵ خاوەنی ٧ منداڵە.

# عێراق بە ئەندامی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی ئەنجومەنی وەزیرانی نیشتەجێكردنی عەرەب هەڵدەبژێرێت

لە میانی كۆبوونەوەی ئەنجومەنی ( وەزیرانی نیشتەجێ و ئاوەدانكردنەوە )ی ولاّتانی عەرەب كە لە شاری قاهیرەی میسر بەڕێوەچوو ، عێراق بە ئەندامی نووسینگەی ڕاپەڕاندنی ئەنجومەنەكە هەڵبژێرا . ( بەیان دزەیی ) وەزیری نیشتەجێكردن و ئاوەدانكردنەوەی عێراق ڕایگەیاند كە نوسینگەكە لە پێنج ئەندام پێكدێت و ئەركیان بەرپرسیارێتییە لە دانانی پلان وسیاسەت و میكانیزمی كاركردن و بەدواداچوونی بڕیار و ڕاسپاردەكانی ئەنجومەنی وەزیرانی نیشتەجێكردنی ولاّتانی عەرەبی.

ئان ئێم فینانی:

# لە جیهاندا ملیۆنەها ئافرەت ڕووبەڕووی جیاكاری و هەژاری دەبنەوە

ئان ئێم فینانی بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی ڕێكخراوی یونیسێڤ لە میانەی ڕاپۆرتێكی ڕێكخراوەكەدا، كە لە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی یونیسێڤ لە قاهیرە پێشكەشی كرد : ئاماژەیدا بەوەی كە لە جیهاندا ملیۆنەها ئافرەت ڕووبەڕووی جیاكاری و هەژاری دەبنەوە و نەخۆشی ئایدزیش تەنگی بە ژمارەیەكی زۆری ئافرەتان هەلّچنیوە ، ناوبراو هەر لەو ڕاپۆرتەدا ڕایگەیاند كە ئافرەتان لە بواری كاركردنیشدا لە زۆربەی ولاّتانی جیهاندا لە ڕووی كرێوە جیاوازیان لەگەڵ پیاواندا دەكرێو حەقدەستی كەمتریان پێدەدریت .

# لەهندستان تەقە لەكرێكاران دەكرێت

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەكانی هەواڵ، لەچەندین دەستدرێژی كەسانی چەكدارەوە تەقە لەخەلّكانی مەدەنی لەناوچەی «ئاسام» ی هیندی دەكرێ «٣٠» كەس كوژران و «٤٠» كەسیش بریندار بوون. ڕۆژی شەممە لەیەكێك لەم ڕووداوانەدا ،تەقە دەكرێ لەكرێكارانی كۆچبەری «هیند»ی ،لەگوندی«سەیدیە» لەناوچەی «ئاسام» ١٨ كەس كوژران .هەربەپێی ئەوڕاپۆرتانەو لەڕوداوێكی لەوچەشنەدا ،ڕۆژی هەینی «٨» كرێكار لەناوچەی «تینسكۆی» و ٤ كرێكاری دیكە لەناوچەی «دیبرۆگارە» كوژران و «٤٠» كرێكاری دیكە بریندار بوون

# پایتەختی هەرێمی باشووری سودان ،خۆپیشاندان و نارەزایی گەورە بەخۆیەوە دەبینیت

(جۆبا)ی پایتەختی هەرێمی باشووری سودان ،خۆپیشاندان و نارەزایی گەورەی بەخۆیەوە بینی ،بەهۆی تێوەگلانی فەرمانبەرانی نەتەوە یەكگرتووەكان لەدەستدرێژی سێكسی بەرامبەر چەند كیژۆڵەیەكی سودانی ئەو هەرێمە ،خاتوو«میشێڵ مۆنتاس» و وتەبێژ بەناوی نەتەوەیەكگرتووەكان گوتی نێردراوی نێودەولّەتی بۆسودان ،چوار كەس لەهێزەكانی ئاشتی پارێز لە ئەوانەی لەسودان كاریان دەكرد گەڕاندەوە بۆ ولاّتەكەیان ،كەخەلّكی بەنگلادیشن ،پاش ئەوەی لێكۆڵینەوەكان دەریان خستووە كەتێوەگلاون لەو كارە نامرۆڤایەتیەدا.

# ڕێكخراوێكی توندڕەو بانگەشەی چەكداریانە دەكات

لە ولاّتی تونس ڕێكخراوێكی توندڕەوی ئیسلامی بەناوی ( لاوانی تەوحید و جیهاد ) بەرپرسیارێتی خۆیان راگەیاند لەو ڕووبەڕووبوونەوە چەكداریانەی هەفتەی ڕابردوو لە باشووری تونس لە نێوان چەند چەكدارێكی گروپەكە و سوپای حكومەت ڕوویدا، ڕێكخراوەكە لە بەیاننامەیەكیاندا پاساوی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە چەكداریە دەگەڕێننەوە بۆ مامەلّەی خراپی حكومەتی تونس بەرامبەر بە ئافرەتانی حیجاب پۆش و پیاوانی ڕیشداری ئەو ولاّتە . هەروەها هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوانە یان كرد ئەگەر حكومەت تەنگ بە ئافرەتانی حیجاب پۆشی تونس هەلّبچنێت .

# بان كی مۆن وەزیری دەرەوەی تەنزانیای وەك جێگری خۆی دامەزراند



بەپێ ی ئاژانسی هەوالّی ڕۆیتەرز ،نەتەوە یەكگرتووەكان، دوێنێ هەینی ،ڕای گەیاند كە«بان كی مۆن» ی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان خاتوو«شاروز میجیرۆ» وە زیری دەرەوەی تەنزانیای وەك جێگری خۆی دامەزراندو بەمەش ،كی مۆن بەلّێنەكەی بەجێ هێنا بەدامەزراندنی ئافرەتێك لەپۆستی دووەمی نەتەوە یەكگرتووەكاندا . «كی مۆن» (میجیرۆی) بەسەركردەیەكی لێهاتوو بە ڕێز ناساند، كەداكۆكی لەمەسەلەكانی ولاّتانی تازە پێگەیشتو كردووە و توانایەكی گەورەی لەبواری بەڕێوەبردندا پیشانداوە .